
# بەهجەت... چاوەڕوانی و پەشیمانی



دەمە دەمی رۆژئاوا بوون بوو، کە(نەسرین)ی پووری (بەهجەت)بە کەیف و دڵخۆشییەکی بەرچاوەوە خۆی کرد بە ماڵەکەی(پەروین)ی خوشکە گەورەی، بێ سەلام و کەلام، خۆی کرد بە ژوورەکەدا و چاوی گێڕا هەتا (پەروین)ی خوشکی ببینێ(پەروین) دانیشتبوو خەریکی پێچانەوەی سازکردنی کەرەستەی چێشتی بەیانی بوو، کە چاوی بە (نەسرین) کەوت، گوتی: چییە وا بە کەیف و سەفای، چی بووە.......؟(نەسرین)یش گوتی:

دادە بەخوا(بەهجەت) ئەمجارە بەخت یاوەرییەتی، پوورە(نەخشین) کچێکی نازداری بۆ(بەهجەت) دۆزیوەتەوە، بەڵام چۆن کچێك ، چەندین ساڵە بە ماڵەوە لە وڵاتی(هۆڵەندا) دەژین و شوقەی خۆیان هەیە کچە لە کۆمپانیایەك کاردەکات و کەسوکارەکەی وەزعیان باشە و ئێ خێزان و بنەماڵەیەکی باشیشن...(پەروین) تۆزێك پێکەنی و بە(نەسرین)ی خوشکی گوت: باشە باشە، تۆزێك لەسەرەخۆ، با جارێ بزانین(بەهجەت) ئەو کچەی دەوێ یان نە، تا ئێرە (بەهجەت) بە خۆی سەرەتاکانی هەوڵی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی خۆی بۆ دەگێڕاینەوە، ئینجا ئیستێکی کرد و تۆزێك گەرووی خۆی پاککردەوە و بە پێکەنینەوە سەرێکی بادا، پاشان رووی لە ئێمە کرد دەستی بەگێڕانەوەی تۆماری ژیانی خۆی کردەوە و گوتی:

ئێستاش کە ئەو ساتانەم بە بیر دێتەوە پێکەنینم بەخۆم دیت، زۆرجار لە خۆم دەپرسم باشە ژن هێنان چۆن وا دەبێت، چەند مندالانە بیرم دەکردەوە، لە راستیدا تەمەنم هەر بیست ساڵێك دەبوو، کاکە کوشتە و شێت و شەیدای گەیشتن بە ئەوروپا بووم، جگە لە ئەوروپا دڵم بە هیچ شتێك خۆش نەبوو، شەو و رۆژ بیرم دەکردەوە و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: تۆ بڵێی رۆژێك بێت خۆم لە وڵاتێکی ئەوروپی بدۆزمەوە و بە شەقام و کوچە و کۆڵان و باخچەکانیدا پیاسە بکەم و کچە چاوشین و قژ زەردەکانیان ببینم، فێری زمانێکی ئەوروپی بم و کە جار جارەش بێمەوە کوردستان بۆ خۆ دەرخستن و خۆ نواندن، تەلەفۆن بۆ برادەرێکی خۆم لە ئەوروپا بکەم و لە پێش خزم و دۆست و برادەران بە زمانی ئەوان بدوێم و قسە بکەم، بەڵام نەمدەزانی چۆن بگەم بەم ئەوروپا نازدارە، تا رۆژێك (نەسرین) ی پوورم پێشنیارێکی بۆ کردم، بەڕاستی زۆر چووە دڵمەوە، ئەو گوتی(بەهجەت) ماشەڵڵات لێبێ جوان و جاحێڵی، لەقەد و باڵات دەگری، لەسەروو رووخسارت دەگری، لەوپەڕی جوانی

کۆمەڵایەتی

دایت، با من ڕێگەیەکت بۆ دابنێم سوێندت بۆ دەخۆم دەگەیتە ئەوروپا، منیش گوتم دەی پلە گیـــان بە قوربانت بم چۆن دەیگەمێ، گوتی: بێوەژنێك دەناســـم، ژنێکی زۆر باش و زۆریش زۆر زانە دەردی زۆری وەکو تۆش چارەســـەر کردووە، گوتم: چۆن؟ گوتی: ئەو دنیا و بنیا دەناسێ، بەختی زۆر کەسی هەڵسانددووە، ژنی چاکی بۆ کوڕی چاك دۆزیەوەتەوە، زۆر کوڕ و گەنج هەبوونە هەموو ئاواتیان گەیشتن بووە بـــە ئەوروپا ئەو وایکردووە بگەنە ئەوروپا، زۆر کچ هەیە، لە ئەوروپا، نیشتەجێیە و ساڵانێکە، بەخۆوە خاو و خێزانەوە لەوێن، حەز ناکات مێرد بە کوڕی ئەوروپایی بکات، دەیەوێ بگەڕێتەوە لە کوردســـتان مێرد بە کوردێك بکات، زۆری وەکو تۆش حەز دەکات بچێتە ئەوروپا، کچێکی وەها دەخوازێ و کچەکـــە لێرە مارە دەکرێت و کە دەشگەڕێتەوە لەوێ کاروبارەکانی بۆ تەواو دەکات و دەتوانێ رایکێشتە ئەوێ، تۆش ئەگەر بە گوێی من دەکەی من بە پوورە( نەخشـــین) دەڵێم، کـــە کچێکی دانیشـــتووی ئەوروپامان بـــۆ بدۆزێتەوە و لێرە مارەی بکەی و پاشـــان راتبکێشێتە ئەوێ، بەڕاستی بیرۆکەکەم زۆر پێ جوان و سەرکەوتوو بوو، گوتم: خوا بکا شتی وا هەبێ بەخوا مەمنوونی تۆ و پوورە(نەخشـــین) و کچەش دەبـــم، ئەوەبوو، پوورە(نەســـرین)م، خۆی گەیاندە پوورە(نەخشین) و مەسەلەکەی پێگوت: ئەویش دوای مانگ و نیوێك کچێکی بۆ دۆزیمـــەوە، ئینجا وەکو بەڵێنم دابوو ئەگەر ئەم کارەم بۆ بکات ئەوا دیارییەکی باشـــی بۆ دەکڕم کە لە پێنج سەد دۆلار کەمتر نەبێت، هەر کە بۆمی دیتەوە دایکم و پوورە (نەســـرین)م، سەرو سۆراغیان کرد و خۆیان گەیاندێ، پێشتر پوورە(نەخشین) کارەکەی بە تەواوەتی بەجێهێنا بوو زۆر شتی مەیسەر کردبوو، چەند کاتژمێرێك لەگەڵ کچە دانیشـــتن و هەموو شـــتێکمیان لەگەڵ یەك بڕانـــدەوە، مابوو من و ئەو یەکتر ببینین، ئەوانیش هەر هەمان رۆژ ئەمەشـــیان مەیسەر کرد، من و کچە یەکتریمان دیت، هەر دوولامان بەیـــەك رازی بووین، کچە بەڵێنی دا هـــەر کە مارەم کرد و لێرەش گواســـتمەوە، کە چۆوە(هۆڵەندا) پێویستییەکانی راکێشانم بۆ ئەوێ، لە بەڵگەنامە و پاسەپۆرت و ئەو شتانەم بـــۆ ئامادە بکات، ئەوەبـــوو دوای مارەکردن و سازکردنی ئاهەنگ و خۆشی، ئینجا ئاهەنگی زەماوەندمان ڕێکخست و گواستمەوە، مانگ و نیوێك وەك ژن و مێرد ژیانێکی خۆشمان بەسەر برد، ئیتر ئەو گرێبەســـتی هاوسەرێتی و ئەو بەڵگەنامە پێویســـتانەی لەگەڵ خۆیدا برد و گەڕایەوە(هۆڵەندا). پاش دوو ســـێ مانگان لە(هۆڵەنـــدا) کارەکانی بۆ تەواوکردم و هاتەوە منی بردە(هۆڵەندا) کە گەیشتمە ئەوێ، ئای خودایە کـــە دڵم خۆش بـــوو، وامدەزانی دنیا هەمـــووی هی منە، دڵم بە هەموو شـــتێکی ئەوروپا خـــۆش بوو، دەمگوت ئـــەوە منم لە ئەوروپام، بەخوا قەت باوەڕناکەم.

## ژیانی ئەوروپا و دروستبوونی کێشەی چاوەڕواننەکراو

(بەهجەت) لە درێژەی قســـەکانی بەردەوام دەبـــێ و دەڵێ: بەڵام هەفتەیەك ، دە رۆژێکی پێ چوو هەســـتم بە جـــۆرە ژیانێکی تر کرد، ژنەکەم لـــە کۆمپانیایەك کاری دەکرد، بەیانی کاتژمێر هەشت دەڕۆیشـــتە سەر کار و ئێوارە کاتژمێر پێنجی ئێوارە دەهاتەوە، کە لەسەر کار دەگەڕایەوە هیلاك و شـــەکەت و بێتاقەت بوو، یەکسەر دەچووە ژووری خۆی و دەخەوت.

دەوری کاتژمێـــر یانزە بە ئـــاگا دەهاتەوە و هەڵدەســـتا، دەبوایە من خواردنێکی گەرم ساز بکەم، ئەو هەفتـــەی چوار رۆژ کاری دەکرد، بەڵام ئەو چوار رۆژە دەبوو وەکو کارەکەری ناو ماڵ بم، منیش ئەوەم پێ هەرس نەدەکرا، چۆن پیاو دەبێ چێشـــت بۆ ژنەکەی ئامادە بکات، لەسەر ئەوە هەندێ کێشەمان بۆ ساز بوو، دواتر بووە دەمەقاڵێمان، ئیتر لەم دەمەقاڵێیانە جارێك شـــەقەزللەیەکم لێیدا، کەچی ئەویش شـــەقە زللەکەی لێدامەوە، خەریکبوو شێت بم، من لەو بە توانـــا و بەهێزتر بووم، کەوتمە ســـەری بە شەپ و مست شلوکوتیم کرد، ئەویش بە هاوار و قیژە و دەنگە دەنگەوە ئاگاداری پۆلیســـی کردەوە و پۆلیســـیش هات و دەستگیریان کردم، نزیکەی هەفتەیەك بە بەندکراوی لە بەندیخانە مامەوە، پۆلیـــس پێیگوتم، هەتـــا ژنەکەت بەخـــۆی نەیەت و لێتخۆش نەبـــێ، لێرە ئازاد نابـــی تا رۆژی دادگایی کردنت، ئیتر ئەویش بە مەرج بەریدام، منیش خوا خوام بوو ئازادبم، بۆیە بەناچاری بە مەرجەکانی رازی بووم، دوو هەفتە ژیانمان بەسەر بردەوە، بەڵام بێ ئەوەی ئەمجارە، چێشـــتی بۆ ئامادەبکـــەم، دووبارە کێشەمان بۆ دروســـت بۆوە، ئەمجارە دەیگوت یـــا دەبێ کار بکەی و لەگەڵ من نیوە بە نیوە پارەی کارەبا و کرێی شـــوقە و ئاو و خەرجی ماڵەوە بدەی، یان دەبێ بۆ خۆت لەسەر حسابی خۆت بژی و خۆت خۆت بژێنی، منیش ناچار بووم دەست بە کارکردن بکەم.

بەڵام کە دەهاتمەوە دەبوایە خۆم مشـــوری نانخواردنم بخۆم.. واتە کارکردنیشـــم هیچی لە دۆخەکە نەگۆڕی ، ئەو بەڕاستی ئەوروپییانە گـــەورە و ژیابـــوو، بە منیـــش نەدەگۆڕدرا، تەنانەت دەیتوانی لە ماڵەوەش دەرمبکات.

هەوڵمدا لەگەڵ ماڵە خەزوورم ئەو شـــتانە باس بکەم، بەڵکو بگەمە چارەسەرێك لەگەڵیدا، ئەوانیش زۆریان هەوڵدا، بەڵام سوودێکی وای نەبوو.

ئـــەوەی کە پێم قبوڵ نەدەکـــرا، ئەوە بوو ، هاوڕێـــی پیاوی هەبوو، جـــاری وا هەبوو ئەو هاوڕێیانـــەی دەهێنایەوە ماڵـــەوە، ئەگەرچی رەفتاری نابەجێیان نەبوو، بەڵام من ئەو شتانەم پێ قبوڵ نەدەکرا.

لەسەر ئەو شتانەش دەبووە شەڕ و ناکۆکیمان، هەموو ئەو کێشانەم بە دایك و باوکیشم گوت: ئەوانیش لەگەڵ ماڵە خەزوورانم هەوڵیاندا، بەڵام ئەوانیـــش لەبەر ئەوەی خـــووە نەریتی ئەوروپییانەیان گرتبوو، رۆڵێکی وایان نەگێڕا تـــا هەڵســـوکەوتی کچەکەیان بگـــۆڕن، بە هـــەر حاڵ لەگەڵ ماڵی باوکـــم وا ڕێککەوتم کـــە جارێ لەگەڵی هەڵبکەم و پاشـــان رازی بکەم کە بگەڕێینەوە کوردســـتان و ئیتر لەوێ بمێنینـــەوە و ناچـــاری بکەم لە کوردســـتان دابنیشـــێ، تا بتوانێ وایلێبکەم دەستبەرداری رەفتار و نەریتـــی رۆژئاوییانە بێت. بەمجۆرە ناچاربـــووم خـــۆم لەگەڵی راهێنـــا و دوای ماوەیـــەك رازیم کـــرد بچینەوە کوردســـتان و بـــۆ ماوەیەکی کاتـــی لـــەوێ بمێنینەوە، کە هاتینەوە دوای تەواوبوونی سەردانی خزمان و میوانداری و ئەو شـــتانە، بـــۆم باس کرد کە دەبێ لەمەولا خـــۆی بگۆڕێ و جلوبەرگ و جۆری هەڵسوکەوتی بەشێوەیەك بێت کە لەگەڵ دابونەریتی ئێمە بگونجێ، کەچی نەك رازیی نەبوو، بەڵکو بەرووشمدا هەڵشاخا، دیسان شەڕ و ناکۆکیمان دەســـتی پێکردەوە، چەند جارێك شـــەڕمان کرد و ئاخیرییەکەی هێندەم لێدا تا دەستێکم شکاند، ئەویش چووە بنکەی پۆلیس و شـــکاتی لێکردم، منیش بەندکرام و پاشان بە کەفالەت ئازاد بـــووم، دوای ئەوەش زیزبوو چەنـــد رۆژێك چووە ماڵـــی پوورێکی و هەر هێندەم زانـــی گوتیان گەڕاوەتـــەوە هۆڵەندا. گوتـــم چۆن ئەی من، چۆن منـــی نەبردەوە، ئەی ئێستا من بەچی بچمەوە!؟ گوتیان ئیتر ئەوە بەخۆت دەیزانـــی، زۆرم هەوڵی تەلەفۆن و پەیوەندی کردندا، هیچم پێ حاســـڵ نەکرا، ئیتر بەمشـــێوەیە تەنیا بە جلـــو بەرگمەوە لێرە مامەوە، هەر چیم کردبوو هەرچیم خەرج کردبوو هەمووی رۆیشت، تا ئەوکاتیش من پاسەپۆرت و ئەوشـــتانەم وەرنەگرتبوو، ئەوانەی کە بۆشی حاسڵ کردبووم هەمووی لەگەڵ خۆیدا بردبوو، بۆیە هیچم پێنەدەکرا جگـــە لە چاوەڕوانی ، بـــەڵام بۆچی ئەو منی بە جێهێشـــت و هیچ حیسابێکیشـــی بۆ نەکردم، دوای دوو مانگ بەهـــۆی پارێزەرەکەیەوە لێرە تەڵاقنامەکەی بۆ ناردم، منیش بەمشـــێوەیە مامەوە و هیچم پێ نەبڕا جگە لە زیان و ناخۆشی.

**هەوڵمدا لەگەڵ ماڵە خەزوورم ئەو شتانە باس بکەم بەڵکو بگەمە چارەسەرێک لەگەڵیدا، ئەوانیش زۆریان هەوڵدا، بەڵام سوودێکی وای نەبوو**

**دوای تەواوبوونی سەردانی خزمان و میوانداری و ئەو شتانە، بۆم باس کرد کە دەبێ لەمەولا خۆی بگۆڕێ و جلوبەرگ و جۆری هەڵسوکەوتی بەشێوەیەک بێت کە لەگەڵ دابونەریتی ئێمە بگونجێ**

# بۆچی ڕێگەی ن

## دۆڕاندنی داوا یاساییەکە

(شەهاب) کە لە هۆڵی دادگا هاتە دەرەوە، تەواو تووڕە و پەرێشان بوو، وەکو ئەوەی شتێکی گەورەی لە دەست دابێت، یا دۆڕاندبێت، خێزانی دووەمی (شەهاب) و برایەکی لەبەردەم هۆڵی دادگا لە دەرەوە ڕاوەستابوون و چاوەڕێی تەواوبوونی دادبینییەکەیان دەکرد، کە(شەهاب)یان دیت دەموچاوی مۆن و گرژبوو زانیان دادگا لەبەرژەوەندی ئەو بڕیاری نەداوە، ژنەکەی لێی چووە پێش و لێی پرسی کە چ بووە؟ ئەویش پێی گوت: وەڵڵا دادگا بۆ ئەو بڕیاری دا و لایەنگری لەو کرد، دەبێ ڕێگە بدەم(تارا)ی کچم ببینێ و هەفتەی جارێك لە بەیانییەوە تا ئێوارە لای خانم بمێنێتەوە، دەوجا وەرە خۆت مەکوژە ئێوارە دەچمە لای فلانە پارێزەر چەندی بوێ دەیدەمێ ئەگەر پێی بکرێ ئەو حوکمەی دادگا لە دادگای پێداچوونەوە هەڵوەشێنێتەوە، بەخۆی و خێزانەکەی و براکەی لێیاندا ڕۆیشتن و هۆڵی دادگایان بەجێهێشت، ئێمەش کە لە نێو هۆڵی دادگا بووین و هەر لەسەرەتای دادبینییەکەوە گوێمان لە قسە و گوفتاری هەردوولا بوو، بە چاکمان زانی ئەو کێشەیە بکەینە بابەتێکی ڕۆژنامەوانی و مەودا کۆمەڵایەتییەکانی کێشەی نێوان ئەم دوو ژن و مێردە بخەینە بەر دیدی خوێنەرانمان، بۆ ئەو مەبەستەش لە ئافرەتەکە نزیك بووینەوە و مەبەستی خۆمان تێگەیاند و داوامان لێکرد کێشەکەیمان بۆ باس بکات، ئەویش بەمشێوەیە کێشەکەی خۆی بۆ باس کردین و گوتی: من ناوم(شنە)یە و ئەوە چوار ساڵە تەڵاقی خۆم لەم کابرایە وەرگرتووە و لێکجیابووینەتەوە، تازە تەمەنم (٣٣) ساڵە و پتر لە هەشت ساڵ ژن و مێرد بووین، ئەو حەوت ساڵان لەمن گەورەتربوو، بەڕاستی ژیانێکی تاڵم لەگەڵی بەسەر برد، ڕۆژێکی خۆشم لەگەڵی نە بردە سەر، پیاوێکی ڕەزیل و پارە پەرست، تووڕە و هەموو کات هەڵچوو، نیگەران و شپرزە بوو، هەتا خواستمی دار و بەردی بەگژ دایك و باوکم وەنا، خزم و کەسی دنیای هێنایە تکا و ڕجا، کە بوومە خێزانیشی هەر مانگی یەکەم خۆش بوو، ئیتر خۆشیم لەگەڵیدا نەما، هیچیش نەیدەکوشتم، ئەو دڵپیسییەی، بە قسەی ئەو بایە دەبوو من هەر لە ماڵەوە وەکو کۆیلە بەند بووبام، بچوومایە بازاڕ لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکردم، بچوومایە ماڵە خزمێك تەنانەت ماڵی باوکم یا برایەك یا خۆشکێکم، وایدەزانی ڕەدووکەوتوومە، بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکردم، کە گواستمییەوە نێزیکی چل مسقاڵێك زێڕم لەگەڵ خۆم هێنا، ئەوەندەی نەبرد، سێ چوار مانگێك مرخی لێمخۆشکرد و بە خۆشی بێ یا ترشی زێڕەکانی لەبن دەستم دەرهێنا و فرۆشتی، بە پارەکەی و هەندێکی لەسەر دانا ئۆتۆمبێلی پێکری و بەناوی خۆشی کرد، گوێم پێنەدا گوتم بەڵکو باش دەبێ و تۆزێك تەبیعەت و خووی دەگۆڕێت، بەڵام هەیهوو هەیهوو خوو گۆڕینی چی و حاڵی چی، پاشان دووگیان بووم و بە حاڵێکی زێدە ناخۆشەوە، بە نەشتەرگەری کچێکم بوو، ناومان نا(تارا) ئەو پیاوە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەفتاری لەگەڵم خراپتر دەبوو، چەند جارێك تۆرام و چوومەوە ماڵی باوکم، گوتم: من کە ژیانم تاڵ و سوێرە با کاریگەری بەسەر دەروونی و ئەو منداڵەمەوە نەبێ، لەوەتەی چاوی کردۆتەوە لە ماڵێکی پڕ ئاژاوە و باوکێکی تووڕە و بە ڕق و کینە، خۆی دۆزیووەتەوە، بۆیە کە دەتۆرام لەگەڵ خۆم دەبرد، کەچی ئەو بە بردنی کچەکەم شێت و هار دەبوو، دەمگوت ئێ باشە خۆ تۆ دایك نیت، هەتا بتوانی بەخێوی بکەی و شیری پێبدەی و خزمەتی بکەی، بهێڵە با لای من بێت، ماوەی دوو سێ هەفتە لەیەك دووركەوتینەوە گوتم: تاوەکو هێمن دەبێتەوە ئەوسا بە منداڵەوە دەگەڕێمەوە، کەچی ئەو نەیدە سەلماند و دەهات بە زۆر لێدەستاندم، یەك دوو جارێك ناچاری کردم سکاڵا لە دژی تۆمارکرد و بە یاسا منداڵەکەم لێوەرگرتەوە، ساڵێك زیاتر تۆرام و لێی دووركەوتمەوە، دوا جار کە چوومەوە لای لە جاران خراپتر مامەڵەی لەگەڵدا کردمەوە، بۆیە منیش ناچار بووم داوای جیابوونەوەم لێکرد و چوومە دادگا داوای جیابونەوەم کرد، کێشەمان لە دادگا نێزیکی حەوت هەشت مانگێکی خایاند و تەڵاقی خۆم وەرگرت و دادگاش هەموو مافێکی سەلماندم و منداڵەکەشی پێدام، ئینجا بێ ئەوەی خۆی داوای بکات من هەقی بینینی منداڵەکەمم دەدا پێی و هەموو جارێ لە کات

> ڕۆژێکی خۆشم لەگەڵی نە بردە سەر، پیاوێکی ڕەزیل و پارە پەرست، تووڕە و هەموو کات هەڵچوو، نیگەران و شپرزە بوو




و ســاتی خۆیدا منداڵەکەم دەدا بەو برایەی کــە خۆی ئــەو کارەی پێ ســپاردبوو، بێ ئــەوەی تەنانەت بۆ یەك جاریش بێت کێشــەم لەسەر ئەم مەســەلەیە دروست کردبێت، ئەو ژنی هێنایەوە، ئەوەشم زۆر پێ ئاسایی بوو، گوتم: مافی خۆیەتی ژیانی ئاسایی خۆی هەڵبژێرێتەوە، منیش شــووم بە ئامۆزایەکی دایکم کرد کە لە وڵاتی نەرویژە و زیاتر لە دوانزە ساڵە نیشتەجێی ئەوێیە و ئەندازیــاری کارەباییە و لە کۆمپانیایەکــدا کار دەکات، ئەوە دوو ساڵە من نیشتەجێی نەرویژم و هەموو ســاڵێ بۆ ماوەی دوو سێ مانگێك دێینــەوە ئێــرە ئینجــا دەگەڕێینەوە ئەوێ، من کە سەفەرم کرد کچەکەمم دا بەو بە شەرتێك هەقی دیتنیم هەبێت و شــەوێك لام بمێنێتەوە، لەسەر ئەوە ڕێککەوتیــن، ئــەوە دوو مانگە لێرەم کەچی نەهێشتووە کچەکەم ببینم و بە هەموو شــێوەیەك هەوڵمدا رازی بکەم کەچی دواجار بــە خزمێکی هەواڵی بۆ نــاردم کەوا بۆیــە ناهێڵێ ببینم چونکە ترســی هەیە گوایە لەوانەیە منداڵەکەم لەگەڵ خۆم ببەمە نەرویژ، ئێ باشە خۆ منداڵ بردن شتێکی وەها ئاسان نییە جا باشە وا گریمان ئەوەش نیازم بوو، ئایا دابینکردنی دوا ڕۆژی کچەکەم شتێکی خراپە؟؟ منیش داوای یاسایم لەسەر تۆمارکرد و بە سێ دانیشتنی دادگا، بڕیار درا کــە منداڵەکەم ببینم و داواکەی دۆڕاند، سەیر لەوەدابوو بە دادوەری دەگوت بۆیە رازی نیمە منداڵەکەم ببینێ، چونکە دەیرفێنێ و بە دزییەوە لەگــەڵ خۆی دەیباتە ئەوروپا، پاشــان مێردی کردۆتەوە و لەگەڵ مێردەکــەی ڕێککەوتوونە ئەو کارە بکــەن، بەڵام دادگا قســەکانی ڕەتکردبۆوە و لێی وەرنەگرتبوو، چونکە دیاربوو کە بە هانەکانی ناڕاست و بێ بنەمان و هەر بۆ هەندێ ئەوە دەکات کە ژیانی مــن و کچەکەم تێك بدات و لە دیتنی کچەکەی خۆم بێبەشــم بکات.

ئەوە کێشــەی منە لەگەڵ پیاوێك کە چ خۆشــییەکم لە ژیاندا لەگەڵی نەدیــت، خــوا ژن لە پیــاوی ئەوها تەبیعەت توندوتیــژ بپارێزێ و کەس قســمەتی بۆ پیاوی ئەوها نەبێ، لە هەمووشی ســەیرتر ئەوەبوو لە دادگا کە حوکــم لەبەرژەوەندی من دەرچوو دەیگــوت لــە دادگای پێداچوونەوە، هەڵیدەوەشــێنمەوە چونکە حوکمێکی نایاسایی و نا عادیلانەیە.

**سەیر لەوەدابوو بە دادوەری دەگوت بۆیە رازی نیمە منداڵەکەم ببینێ، چونکە دەیرفێنێ و بە دزییەوە لەگەڵ خۆی دەیباتە ئەوروپا**



# بۆ رازیکردنی ژنەکەی تووشی تاوانیش بوو



ئا: باوکی میدیا

### سەباح بەسەرهاتەکەی دەگێڕێتەوە

شەو درەنگ بوو، بەندییەکان ئەوانەی حوکمدرابوون لە دەوری یەك کۆببوینەوە و گوێیان لەبەسەرهاتی (سەباح)ی داماو دەگرت. بەندییەکان کردبوویانە عادەت شەو ناشەوێك. یان لە نێوان چەند شەوێکدا، درەنگە وەخت سەریان بەیەکەوە دەنا و دادەنیشتن و بەسەرهاتی ژیانی خۆیان بۆ یەك دەگێڕایەوە، جاری وا هەبوو، بەندییەك ئەوەندە بە تاسەوە بەسەرهاتەکەی خۆی دەگێڕایەوە، ئەوجا ئەگەر هەمووی راست بوایە یان بەشێکی راست بایە و بەشەکەی تری زادەی خەیاڵی بەندییەکە و حاڵەتە دەروونییەکەی بوایە، هەم بەخۆم و هەم بەندییە هاوڕێیەکانی ئەوانەی لە دەوری دادەنیشتن و گوێیان لێدەگرت، فرمێسك بەچاویاندا دەهاتە خوارێ. ئەو شەوە نۆرەی (سەباح) بوو، کە بەسەرهاتی گرتن و حوکمدانەکەی بگێڕێتەوە. (سەباح) دوو ساڵ حوکم درابوو، زۆری ماوەی حوکمەکەی بەسەر بردبوو، هەر مانگێکی مابوو، بەڵام تا ئەو ماوەیەش حەزی نەدەکرد باسی بەسەرهاتی خۆی بکات. بەڵام ئەو شەوە هەموو هاوڕێکانی تینیان بۆی هێنابوو و وازیان لێنەدەهێنا. لەخۆشی ئەوەش کەچی وای نەماوە ئازاد بکرێت، بۆیە هاتبووە ژێر باری داواکارییەکانی هاوڕێیەکانی. (سەباح) سەرەتا لە پەیوەندی خۆی و هاوسەرەکەی دەستی پێکرد و بەمشێوەیە دەستی بە گێڕانەوەی کرد و گوتی: من تەمەنم گەیشتبووە (٢٤)ساڵی هێشتا ژنم نەهێنابوو. باوکم سەری خستبووە سەرم و وازی لێنەدەهێنام و دەیگوت دەبێ ژن بێنی. چەندی گوتم باوکە جارێ وەختی ژنهێنان نییە و خۆ چ پەکم لەسەر ژنهێنان نەکەوتووە و نانم لەسەر سێڵ نەسووتاوە. نەخێر کاکە وازی لێنەدەهێنام. رۆژێ سەد جاران دەیگوت: ئاخر تۆ پیاو نیت، بڵێ بۆ ژن ناهێنی، لەچیت کەمە. دەمگوت باوکە پیاوم و لە هیچیشم کەم نییە، بەڵام من نەحەزم بە ژنهێنانە و نەبیرشم لێکردۆتەوە. سوودی نەبوو. بەدایکمی گوت، دەبێ بە مانگێك ژنێکی هەر بۆ بدۆزیتەوە. سەرتان نەیەشەنم، کچێکی سێ ساڵ لە خۆم گەورەتریان بۆ دۆزیمەوە. ئەوەی ناوونیشانی کچەی بە دایکم گوتبوو، ژنێکی ناسیاومان بوو. خوا بیگرێ، کچەکەی لە جوانیان کردبووە شا جوان، لە هێمنی و سەنگینی و بێ وەییان کردبووە فریشتە. کوڕە لە کابانیان نازانم کردبوویە چی..!! ئینجا ما دایکم بێتە بن کلێشەم، ئەویش هێندەی بەسەرداگوت، چاوی وەهایە و دەم و لوتی وەهایە، ئەوە باڵایەتی، ئەوە قژیەتی، ئەوە دەسترەنگینی و خانەدانییەتی، هەر مەپرسە، ئەوەندەی وەسف کرد، خەریکبوو لە تەیرەکەی مەلای مەشهور بچێت. باشە ئاخیرییەکەی رازی کردم بیبینم، وای لێهات بینین و نەبینینی وەکو یەکی لێهات.

هیچی بە قسە نەکردم، لە ماوەیەکی کورتتدا هەموو شتێکی بڕاندەوە. ناچاریان کردم مارەی بکەم، پاشان گواستمەوە. جارێ نازانم کە من چ بەڵایەکی خودام هێناوە، دایکم گوتی: کوڕم خانووی ئێمە گەورە و دوو نهۆمە، رازی نیمە لەماڵ بچیتە دەر، ئەمە نهۆمی سەرەوەیە و لە هیچی کەم نییە. هەموو کەلوپەلەکانت دەبەیە ئەوێ. باشە ماڵم لە نهۆمی سەرەوە دانا. من کوڕە تاقانەی دایك وباوکم بووم. لە دایکم بیستبوو، دوای لەدایکبوونی من دایکم تووشی نەخۆشییەك هاتبوو، پزیشك پێی گوتبوو ئەگەر منداڵدانت دەرنەهێنی تووشی شێرپەنجەی منداڵدان دەبیت، ناچار بە نەشتەرگەری منداڵدانیان بۆ دەرهێنابوو. لەبەر هەندێ دوای بوونی من چیتر منداڵی نەدەبوو.

ئەوجا لەسەرینی ئەمەوە دایکم و باوکم حەزیان دەکرد زوو ژن بێنم و منداڵ بنێمەوە. سەرەتای ژنهێنانم دایکم زۆر نازی ژنەکەمی دەکێشا. تەنانەت نەیدەهێشت چێشتیش ساز بکات. هەربەخۆی لێیدەنا و بۆی ئامادە دەکردین. بەڵام دەمدیت ژنەکەم بەچاوی خزمەتکار تەماشای دایکم دەکات. رۆژێك بە ژنەکەمم گوت کە ناوی (سوهام) بوو، بەسە ئیتر خۆت چێشت لێبنێ، جوان نییە دایکم خواردنمان بۆ ساز بکات، کەچی لە وەڵامدا پێی گوتم: بۆ تۆ من بەخزمەتکاری دایکت دەزانی، وەڵڵا یەك رۆژ من چێشت لێنانێم. بووە مشتومڕمان دایکم پێی زانی، گوتی: کوڕم قەیدی ناکا هەر خۆم چێشت لێدەنێم. وازی لێبێنە. گوتم: کچێ دایە ئەوە هەڵەیە، ئەو ژنە دوایی بە من راست نابێتەوە. تۆش ناتوانی لەگەڵیدا هەڵبکەی، لێت دەبێتە بەڵا. دایکم گوێی پێنەدا. ئینجا فێربوو لە جلوبەرگی خۆی زیاتر هیچی دیکەی نەدەشووشت. دایکم جلوبەرگی منی دەشووشت. وردە وردە ناکۆکیمان دەستی پێکرد. ژنێك ئامادە نەبێ خواردنێکت بۆ ئامادە بکات، جلوبەرگت بشوات، هیچ کارو وەزیفەیەکی نەبێ، ئەی باشە ئەو ژنە چ دەکات، چەند جارێك بە قسەی خۆش هەوڵم لەگەڵیدا نەهاتە رایێ. هەڕەشەم لێیکرد، هەر نەهات، لێمدا، هەر سوودی نەبوو. کاکە وایلێهاتبوو دەبوو من قسە نەکەم تا ئەو جێنو و قسەی ناشیرین نەکات.

## دانانی ماڵی سەربەخۆ

(سەباح) لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی تۆزێك وەستا، جگەرەیەکی داگیرساند و دوو مژی قوڵی لێدا. هاوڕێیەکیان دۆلکە ئاوێکی هێنا و پەرداخێك ئاوی بۆ (سەباح) تێکرد و ئەویش فڕی کرد و گەرووی خۆی پێتەڕ کرد. ئەوجا دووبارە دەستی بە قسە کردەوە و گوتی: ئەو ژنە لێم ببوە دەرد و بەڵا، هەرچیم بۆی دەکرد رازی نەدەبوو. کە داواکارییەکی هەبوایە، زوو بۆیم جێبەجێ دەکرد و دەمگوت بەڵکو رەفتاری خۆی دەگۆڕێت، رۆژێك باش دەبوو، دە رۆژ خراپ دەبوو. ماوەیەك دەیگوت: ئەگەر ماڵی خۆمان بکەین. ناهێڵم هیچ کێشەیەك لەماڵەکەمان هەبێ، بەڵام هەتا لێرە بین من ئاسوودە نیم لەبەر ئەوەی دایکت خۆ لە ژیانمان هەڵدەقورتێنێ. گوتم: باشە بابە، لەگەڵ ئەوەش کە سوور دەزانم دایکم فریشتەیەکە بۆ خۆی و تۆ تەنیا هەنجەتی پێدەگری، بەڵام کێشە نییە ئەوا ماڵی سەربەخۆشت بۆ دەکەم، قیروسیا، خانوویەکم بە کرێ گرت، ناچار بووم، هەم دەوامی وەزیفە بکەم و هەمیش ئێواران یارمەتی باوکم بدەم و یارمەتی لە باوکم وەربگرم ئیدارەم پێ هەڵسوڕێنم، ئەمجارە هەنجەتی بە زیڕ گرت و هەموو رۆژێ پرتەو بۆڵەی دەرکرد و دەیگوت: بزانە ژنی خەڵکی هەمووی پاوەن و خڵخاڵ و رستە و لیرە و نازانم چی وچیان بەخۆوە کردووە، منیش لە چەند پارچەیەکی بچووك زیاتر هیچم نییە، حەزم لێیە خڵخاڵم بۆی بکەی، ماوەیەکیش فێر ببوو ناوە ناوە دەیگوت مۆبایلەکەم بۆ بگۆڕە، ئامێرێکی ترم بۆ بکڕە و ئەو مواسەفاتانەی هەبێ. ئیتر وردە وردە کەوتمە ژێر قەرز. شەو و رۆژ راکە راکەم بوو پێڕانەدەگەیشتم، نەمدەزانی داواکارییەکانی ئەو جێبەجێ بکەم، یان قەرزەکانی بدەمەوە. چەند جارێك لەگەڵ خاوەن قەرزەکان بووە ناکۆکیمان و شکایەت و شکایەتکاری هەر جارەش باوکم قەرزەکانمی دەدایەوە و لە کێشەکە دەربازی دەکردم. ئیتر ئەم ژنە ماوەیەك بێدەنگ دەبوو، ماوەیەکی دیکە بەهانەی بەشتێکی ترەوە دەگرت و پرتە پرت و بۆڵە بۆڵی دەست پێدەکردەوە و مێشکی دەخواردم. دەمکردە شەڕ و فرتەنەیەك نەبێتەوە، کەچی هەر ئەو دەمی بوو، دەستی پێدەکردەوە و یان داواکارییەکانی دەبوایە جێبەجێ بکەم یان وازی لە بۆڵە بۆڵ نەدەهێنا و نەیدەبڕیەوە، چەندین جار لەگەڵ ماڵی باوکم قسەم دەکرد. ئەوان لەم خراپتر بوون. هەمیشە پشتگیری ئەویان دەکرت، رۆژێك فشاریان بۆ نەهێنا، ئامۆژگاریان نەدەکرد، سەرزەنشتیان نەدەکرد، نەخێر هەموو جارێ من تاوانبار و ئەو بێتاوان و زولم لێکراو بوو. ئەمجارە خانم داوای مۆدێلی تازەی ئۆتۆمبیلی دەکرد، دەمگوت: ئاخر من پارە لە کوێ بێنم ئۆتۆمبیلت بۆ بکڕم، دەیگوت کەیفی خۆتە. دەی بە ملی شکاوم، ملم بۆ ئەو داوایەش کەچ کرد و ئۆتۆمبیلێکم بە قست بۆی کڕی، بەڵام ئەوەندەم باش بوو، بەناوی خۆمەوە کردبوو، مانگی یەکەم و دووەم قەرزی ئۆتۆمبیلم بە زەحمەت دا، مانگەکانی تر پارەکەم نەبوو بیدەم. کابرای خاوەن پیشانگا، کە ئۆتۆمبیلی بە قەرز پێدابووم، چەند جارێك ئاگاداری کردمەوە. هەر نەبوو بیدەم. قەرز کەڵەکە بوو، گەیشتە چوارمانگ. بە ژنەکەمم گوت: ئەوە چوار مانگە قەرزی ئۆتۆمبیلم لەسەر کەڵەکە بووە، با لەسەر ئەو قەرزە نەچمە بەندیخانە، وەرە با بیفرۆشین و قەرزەکان بدەینەوە و ئۆتۆمبیلێکی هەرزانترت بۆ دەکڕم، کەچی ئەو دەیگوت تۆ چ عەقڵێکت هەیە، من لەم ئۆتۆمبیلی مۆدێل تازەیە بچمە سەر ئۆتۆمبیلێکی مۆدێل خوارتر. کابرای خاوەن قەرزیش بەردەوام داوای قەرزەکەی دەکرد. نەمدەزانی چی پێ بڵێم، لە دڵی خۆمدا بڕیارمدا ئۆتۆمبیلەکە بفرۆشم و لە بن دەستی ژنەکەم دەربێنم، من ئەو نەخشەیەم هەبوو. خۆشم بە نیاز بووم، بە خاوەن قەرزەکە بڵێم وەرەوە ئۆتۆمبیلەکەم لێبکڕەوە، با بە زەرەیش بێ، قەیدی ناکا قەرزی خۆی لێبگێڕەوە و باقییەکەی ترم بدێ. دامنابوو ئێوارە تەلەفۆنی بۆ بکەم و بڕیارەکەی خۆمی پێ بڵێم. لەو خەیاڵاتەدا بووم کە زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا و سەیری شاشەکەم کرد دیتم کابرای خاوەن قەرزە. کە وەڵامیم دایەوە بەو نیازە بووم کە پێی بڵێم ئێوارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دێم، کەچی کابرا لەسەر تەلەفۆنەکە دەستی بە قسەی ناشیرین و جنێو کرد و گوتی لە کوێی وا من دێم و بزانە چۆن بە شەق و شەلاق ئەو قەرزەت لێدەستێنم، کابرا زۆر سووکایەتی پێکردم و زۆریش جنێوی ناشیرینی دا. قسەیەك لە من و یەکێك لەو، لەسەر تەلەفۆن شەڕێکی پێمان کرد، کابرا سوێندی بە تەڵاق خوارد گوتی وا دێم بۆ کوشتنت. دوای نیو کاتژمێر هاتە ماڵ، هاتمە دەرەوە خەڵکی گەڕەك زانیان کێشە روویداوە هاتبوونە دەرەوە. کابرا لەناو ئۆتۆمبیل هاتە خوارەوە، خۆی و دوو کەسی تر بوون، یەکسەر بەرەو رووم هات و هەتا گرتی شەقەزللەیەکی لە بن گوێم دا. منیش تا گرتم مستێکم لە نێو چاوی دا. دووکەسەکەی تریش بۆم هاتن، دراوسێکانم کە دیتبوویان بەسێیان هاتوونە لێمبدەن، دووکەسەکەی تریان بەرزەت کرد و نەیانهێشت دەستم لێبوەشێنن. من و کابرای خاوەن قەرز بووە شەڕمان، لەپڕ هەر هێندەم زانی دەمانچەیەکی دەرهێنا و سواری کرد، منیش تاوم دایێ و زوو دەستیم گرت، چەند گوللەیەکی لەدەست تەقی و یەکێکی تریشی لەدەست تەقی و پشتاو پشت بەربۆوە و گوللیەکی دیکە تەقی و بەسەری کەوت، هەر ئەو دەمی گیانی لەدەست دا. گوتم ئای قوڕم بەسەر تووشی چ بووم، یەکێك لە دوو زەلامەکەی تر کوڕی بوو، ئەویش دەمانچەی دەرهێنا و من خۆم دایە پەنا و دوو سێ گوللەی تێگرتم و لەگەڵ گوللە تەقاندن بۆشم دەهات، دەمزانی ئەگەر نەیکوژم، مسۆگەر هەر دەمکوژێ چارم نییە، ناچار بووم گوللەیەکم تێگرت بەسەر دڵی کەوت ئەویش بەربۆوە و دوای چەند چرکەیەك ئەویش مرد. بەمجۆرە کەوتمە بەندیخانە و بە دوو ساڵ حوکم درام. ئیتر باوکم جەڵتە لێیدا و ئێستا و ئێستاش نیوەی جەستەی ئیفلیجە. ژنەکەش کە کەوتمە زیندان، هاتە سەردانم، کە جارێ حوکم نەدرابووم، منیش برادەرانی نێو زیندان و پۆلیسەکانم کردە شایەد و سێ بەسێ تەڵاقم دا، ئێستاش وا لە نێو ئێوەدام و دوو ساڵە وا ژیان لەناو بەندیخانەدا بەسەر دەبەم و لەناو ئێوەی ئازیز دام و چاوەڕێم حوکمەکەم تەواو بێ و بچمەوە لای دایك و باوکی ئازیزم.

**سەرەتای ژنهێنانم دایکم زۆر نازی ژنەکەمی دەکێشا. تەنانەت نەیدەهێشت چێشتیش ساز بکات. هەربەخۆی لێیدەنا و بۆی ئامادە دەکردین**

**ناچار بووم، هەم دەوامی وەزیفە بکەم و هەمیش ئێواران یارمەتی باوکم بدەم و یارمەتی لە باوکم وەربگرم ئیدارەم پێ هەڵسوڕێنم**

***(هیام عوض) خانمە رۆژنامەنووسێکی بەرەچەڵەك فەڵەستینییە، بەڵام ماوەیەکی زۆرە لە شانشینی ئەردەن نیشتەجێیە، هەڵگری رەگەزنامەی ئەو وڵاتەشە، خانمی (هیام) جگە لە بواری رۆژنامەگەری وەك رەخنەگرێکی ئەدەبیش ناوی دەرکردووە، خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە بواری پەیوەندیکردن، ئێستاش خۆی بۆ دکتۆرانامەیەك دەربارەی رەخنەی ئەدەبی ئامادە دەکات. (هیام سەرنووسەری ئاژانسی (عەرەب نیوز) ی هەواڵییە،(گوڵان) پەیوەندی پێوەکرد و ئەم دیمانەیەی لەگەڵ سازدا.***

## رۆژنامەنووسی فەڵەستینی(هیام عوض) بۆ گوڵان:

# پێویستیمان بە میکانیزمێکە دوور لە توندوتیژی چارەسەری ئاریشەی ناموس بکات

* لە رۆژهەڵاتدا لێکگرێدان و وابەستەییەکی بەهێز لە نێوان چەمکی ناموس بە مانا فراوانەکەی، لەگەڵ ئاکار و شەرەفی ئافرەتدا هەیە، واتە خێزان و خێڵ، شەرەف و کەرامەتی کۆمەڵایەتییان لە ناموسی ژنەکانیان دەبیننەوە، ئێوە هۆکارەکانی ئەمە بۆچی دەگەڕێننەوە؟

- بەداخەوە سەدان ساڵە چەمکی ناموس لای رۆژهەڵاتی و کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بە هەندێ تێگەیشتن و شتی دوور لە دادپەروەری و مانای راستەقینەی شەرەف بەستراوەتەوە، کۆمەڵگەی نێرسالاری عەقڵ و جەستەی ژنان بە بەشێك لە پەراسووی نێرینە، هەژمار دەکات و هەر لێرەوەش، جەستەی ئافرەت وەك عەیب و شوورەیی سەیر دەکرێت و مێینە لە هەموو مافێکی سروشتی بێبەش دەکات، ئەو ماف و پێگەیەی ئیسلام و ئایینەکانی دیکە بە ژنانیان بەخشیووە و پیاوان لە ژێر ناوی عادات و عورفەوە لە ژنانیان سەندۆتەوە.

تاکی رۆژهەڵات تاکێکی نەخۆشە، نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە زیاتر بە سایکۆو کارەکتەری ژنانەوە دیارە، ژنانی رۆژهەڵات تۆقیوو ترسێندراون، وەك ئەو باڵندە بەندکراوەن کە چەندین ساڵە لە ژوورێکی تاریکدا دەست بەسەرن، بۆیە کاتێك بیر لە چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە دەکەینەوە پێویستە ئەو مێژووە دوور و درێژەی ترساندن و چەوساندنەوەی سێکس و مەحروومیەت لەبەرچاو بگرین و بە دانایی و بابەتییانە رێگەچارە دەستنیشان بکەین.

* وەك دەزانن پرسی ناموس بابەتێکە لەوە گەورەترە، تەنیا بەلایەنی ئاکاری ژنان ببەسترێتەوە، کردارەکانی وەك درۆ و دزی و بێ ئابڕوویی پیاوانیش دەکەونە هەمان خانەوە، بەڕای ئێوە ئایین یان عورف و تەقالیدی کۆمەڵایەتی لە رەنگرێژکردنی ئەو چوارچێوەیە باڵادەستن؟

- ئایینەکان بە جیاوازی زەمەنی هاتنە خوارەوە و تێکستەکانیان پێگە و مەکانەتێکی بەرز و پارێزراویان بە ژنان داوە، ئیسلام مافەکانی ژنی وەك مافی نێرینە دان پیاناوە، پارێزگاریشی لێکردووە، ئەگەر کۆمەڵگە رێك و دروست پابەندی شەرع و یاسا ئاسمانییەکان بوایە، ئێستا ئاریشەیەکمان نەدەبوو بەناوەی ناموس. ئەوە کۆمەڵگە و عاداتی خێڵە لە پێناو پارێزگاریکردن و بەردەوامیدان بە دەسەڵاتی پیاوسالاری مافەکانی ئافرەتی زەوت کردووە، هاوشێوەی کۆیلە لە بازاڕی کڕین و فرۆشتندا، بازرگانی پێوە دەکات.

* لە روانگەی ئەو کلتوورە کۆمەڵایەتییەی ئاماژەمان پێدا، پێتوانییە پیاوان لە پێناو بەردەوامیدان بە باڵادەستیان لەلایەك و شاردنەوەی خراپی و هەڵەکانیان لەلایەکی دیکەوە، بۆیە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی ناموس دەکەن؟

- بێگومان ئەو شیکردنەوەیەی بەرێزتان تا رادەیەکی زۆر راستی لەخۆی دەگرێ، چونکە ئەو ئاریشانە، دەچنە خانەی زیناوە هەردەم دوو کەس یان دوو لایەن تێیدا بەشدارن، هیچ کردارێکی زینا بەیەك کەس ئەنجام نادرێ، بەڵام پیاوان بەو پێناسە و چوارچێوە نەخشاندنە گەرەکیانە خۆیان لەو تاوانە قوتار بکەن و قورسایی کردارەکەی خۆشیان لە ملی ژنان بئاڵێنن، ئەمە یاسای دارستانی پێدەگوترێ. بەهێز بێهێزەکان قووت دەدات، پیاوان چێژ لە ئافرەت وەردەگرن، هەتکیان دەکەن، ئینجا لە ژێر ناوی کڕینەوەی ناموس گوللەبارانیان دەکەن، ئەمە کردارێکی نالۆژیکانەیە، هەر لەجەللاد و خوێنڕێژان دەوەشێتەوە.

*** ناموس بەهایەکی کۆمەڵایەتی هاوبەشە لە نێوان کلتووره جیاوازەکان. جگە لەلایەنی ئاکاری ئازایەتی و راستگۆیی وەفاداریش دەگرێتەوە، بەڵام لای تاکی کوردی، ناموس وابەستە بوون بە خاك و پارێزگاریکردن لە نیشتمانیش دەگرێتەوە خۆ، ئێوە چ شرۆڤەیەکتان بۆ ئەم روانینە هەیە؟**

- ناموس پێکهاتەیەکی تێکەڵە لە کۆمەڵە چەمکێك کە ناکرێ لێك جیابکرێنەوە، شتێکی سەرنجڕاکێشە کاتێك لای کوردان وا بەستەبوون بە خاك و پارێزگاریکردن لە نیشتمان دەچێتە خانەی شەرەفەوە، عەرەبیش دەڵێت:

(الارض والعرض)واتە خاك و ناموس، راستگۆیی و وەفاش بەشێکن لە ناموس.

لێبوردن (غفران) لە سیفات و ناوی

> شتێکی سەرنجراکێشە کاتێک میللەت کورد وابەستەبوونی بە خاک و پارێزگاریکردن لە نیشتمان بە بەشێک لە ناموس هەژمار دەکات



هیام عوض

خودای پـەروەردگارن، پەروەردگار بەو هەموو گەورەییــەی کاتێك بەندەکانی هەڵەیــەك دەکــەن لێیان دەبــووڕێ و دەرگای تۆبــە کــردن و گەڕانەوەیان بــەڕووەدا داناخات، کەچی کۆمەڵگەی ئێمە لەســەر بچووکترین رەفتار هەندێ جار تەنیا بەهۆی پروپاگەندەوە حوکمی کوشتن بەسەر ژناندا دەدات لە کاتێکدا پــەروەردەگار کوشــتنی مرۆڤێکــی بێ تــاوان بەرامبەر کوشــتنی هەموو مرۆڤایەتی دادەنێت.

*** بەشــێکی زۆر لەو ئافرەتانەی لە رۆژهەڵات کۆچیان کردووە و لە ئەوروپا گیرساونەتەوە، لەگەڵ خۆیان کۆمەڵێك عادات و تەقالیدیان گواســتۆتەوە، جار جارە پیاوانی رۆژهەڵات لەوێش لەسەر مەسەلەی نامووس ژنان دەکوژن، بەڕای ئێوە کاتێك ئــەو دوو کلتوورە جیاوازەی رۆژهــەڵات و رۆژئاوا بە یەك دەکەوێ چی روودەدات؟**

- لە رۆژئاواشــدا مەســەلەکان بەو شێوەیە نین، لەوێش خەڵکی موحافیزکار هــەن، لادان و بێ ئابڕوویــی لە هەر شــوێنێك بێ هــەر لادانــە و مایەی قەبووڵ کردن نییە، بەڵام زیاتر لە رێگە و شــێوازێك هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بێ ئابڕوویی، ئایا کوشــتن چارەسەری کێشــەکان دەکات؟ پێویســتمان بــە میکانیزمێکە بــەدەر لە توندوتیژی چارەسەری پرسی نامووس بکا و چارەســەری واقیعی و گونجاو پێشکەش بکات.

*** بە پشتبەســتن بــە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، پێتوانییە پێویســتیمان بــە پێناســەیەکی نوێی نامووس هەیە، ئەگەر وایە پێناســەی نوێی ئێوەی چیە؟**

- مــن لە کۆن و ئێســتادا هەر یەك پێناسەم هەبووە و گوتوومە، ئەو چەمکە پێکهاتەیەکی تێکەڵەی گشتییە، تەنیا جەســتە و ئاکاری ئافرەتان ناگرێتەوە، ئــەوەی پێویســتمان پێیەتی هەنگاوی عەمەلییە بۆ رەشــکردنەوەی ئەو هزرە هەڵەیە.

*** کاریگەرییــە نێگەتیڤەکانی ئەو دیاردەیە چین؟**

- بەردەوامبوونــی ئــەو دیاردەیــە تاوانەکانــی زینــا و منداڵی بێ دایك و باوك و لەش فرۆشــی زیاتر کردووە، ئاریشــە کۆمەڵایەتییەکان رۆژ بە رۆژ قووڵتر دەبن، بە گشــتی هەســتی بێ بڕوایی لە ناخی ئافرەتاندا چاندووە.

*** دەڵێن هەموو کار و چارەسەرییەك پێویستی بە پلان و نەخشە رێگە هەیە، پێشــنیاری ئێوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئاریشەیە چییە؟**

- پێویســتە کۆمەڵگــە لــە پێش هەموویانەوە پیاوان بەر لە هەر بڕیارێك بە وردی هەموو لایەنەکانی بڕیارەکەیان هەڵبســەنگێنن و بزانــن ئەو قســە و قسەڵۆکانەی بەرامبەر خێزان یان خوشك و کچەکانیان دەکرێت، تا چەند راستن. ئینجا چارەســەر کردنــی گرفتەکە لە رێگەی یاسا و شەرعەوە، هەروەها نابێ چیتر ژنان بەشداربن لە پەردەپۆشکردنی ئــەو تاوانانەی کە هەنــدێ لە پیاوان بەناوی کرینــەوەی نامووس ئەنجامی دەدەن، ئینجــا ئەنجامدانی هەڵمەتێکی رۆشــنبیری و پەروەردەیــی لــە پێناو هۆشــیاکردنەوەی هاوولاتیــان لــە ئاســەوارە خراپەکانی ئــەو دیاردەیە و دواتر دەستنیشــان کردنی رێگە چارەی پێویست.



ئەگەر کۆمەڵگە رێك و دروست پابەندی شەرع و یاسا بووایە، ئێستا ئاریشەیەک نەدەبوو ناوی نامووس بێ